# روانینێکی دەستووری بۆ پێوەندییەکانی نێوان هەولێر- بەغدا

01-07-2020

**نووسەرەکان**

ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو

**کورتە** : پاش ساڵی ٢٠٠٣ حکومەتی عێراق دوو قۆناغی مەترسیداری تێپەراند، کە هەڕەشەیان لەسەر دابەشبوونی سیاسی-کۆمەڵایەتی عێراق وەک دەوڵەت دەکرد، ئەوانیش بریتیبوون لە قۆناغی جەنگی نێوخۆیی لەنێوان ساڵانی (٢٠٠٥-٢٠٠٨) و جەنگی دژ بە تیرۆر لە نێوان سالانی (٢٠١٤-٢٠١٦).

**ئازاد وەڵەدبەگی|**

**بەرایی**

پاش ساڵی ٢٠٠٣ حکومەتی عێراق دوو قۆناغی مەترسیداری تێپەراند، کە هەڕەشەیان لەسەر دابەشبوونی سیاسی-کۆمەڵایەتی عێراق وەک دەوڵەت دەکرد، ئەوانیش بریتیبوون لە قۆناغی جەنگی نێوخۆیی لەنێوان ساڵانی (٢٠٠٥-٢٠٠٨) و جەنگی دژ بە تیرۆر لە نێوان سالانی (٢٠١٤-٢٠١٦). هەروا لە پاش رووخانی بەعس بەهۆی کێشە لە پێوەندییەکانی حکومەتی فیدراڵ و هەرێمی کوردستان و بێمتمانەیی نیوان هەر دوولا، جۆرێک لە لاسەنگیی و لێکتێنەگەیشتن لەنێوان هەولێر-بەغداش دروستبوو، هەر ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە کورد پەنا بۆ گشتپرسی ببات. لە قۆناخی پاش گشتپرسی لە هەرێمی کوردستان، حکومەتی عێراق کەوتۆتە ناو سێیەمین قۆناخی قەیران کە ئەویش دەست و پەنجە نەرمکردنە لەگەڵ هەرێمی کوردستان بۆ ملکەچکردنی هەرێم. ململانێکانی بەغدا-هەولێر هەر لە ساڵی ٢٠٠٣ەوە هەتا ئێستا بەردەوامن و هەر لایەنێک هەوڵدەدات دۆخەکە لە قازانجی خۆی یەکلایی بکاتەوە. لە قۆناغی ئێستادا، گفتوگۆیەکی قورس و تاقەتپڕووکێن لەنیوان هەردوولا لە ئارادایە. لە لایەکەوە، حکومەتی هەرێم شەڕی مانەوەی کیانەکەی و دەسەڵاتەکانی لە چوارچێوەی دەستووردا دەکات. لە لایەکی دیکەشەوە، حکومەتی فیدراڵ بەکەڵکوەرگرتن لە گەلەکۆمەی هەرێمی، لاوازیی دۆخی ئابووریی هەرێمی کوردستان، دابەزینی نرخی نەوت و قەیرانی کۆرۆنا، هەوڵدەدات ئیرادەی خۆی بەسەر هەرێمی کوردستاندا بسەپێنێ و ملکەچی بکات. هەردوولا وەک ناوبژیوانێک لەنێوانیان بۆ هاوسەنگکردنی بەرەژەوەندییە جیاواز و دژ بەیەکەکان، بەردەوام باس لە دەستوور دەکەن، بەڵام هەتا ئێستا دۆخەکە هەر بە هەڵواسراویی ماوەتەوە و شەڕی ئیرادەی هەردوولا بەردەوامە.

**یەکەم: باکگراوندی گشتی دۆخەکە**

لە تێڕوانینێکی گشتیدا سیاسەتڤانە کوردەکان وایان دەبینی، کە هەرێمی کوردستان فاکتەری سەقامگیرییە لە عێراق و کوردستان نابێتە مایەی گرفت بۆ عێراق و ئەوان هیوادار بوون کە عێراقی نوێی پاش ساڵی ٢٠٠٣ پشت بە دەستوور و یاسا ببەستێت، بەڵام ئەم عێراقە هەتا ئێستا دروست نەبووە. [١] قۆناغی لێکگیربوونی حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدراڵ لە ساڵی ٢٠٠٧ەوە دەستیپێکرد، کە لەم قۆناخەدا سیاسەتی هەرێمی کوردستان بەرامبەر بە حکومەتی فیدراڵ گۆڕانی بەسەردا هات و هەتا دوای گشتپرسی بەردەوام بوو. لەم قۆناخەدا، هەرێمی کوردستان خوازیاری جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ و مافە دەستوورییەکانی دیکەی خۆی بوو، بەڵام ئەم خواستانە بەدینەهاتن، هەربۆیە کوردەکان سستی و کەمتەرخەمییەکانی حکومەتی فیدراڵیان بە جۆرێک لە دوژمنایەتی بۆ خۆیان لێکدایەوە.[٢]

پێوەندییەکانی هەر دوو حکومەتی فیدراڵ و هەرێم پاش ساڵی ٢٠١٠ بە هۆی ناکۆکییان لەسەر پشکی هەرێم لە بوودجەی فیدراڵی، وەبەرهێنانی نەوت لە هەرێمی کوردستان، بەڕێوەبردنی ناوچە جێناکۆکەکان و پێشمەرگە و چەند کێشەیەکی دیکە بە خێرایی ئاڵۆز بوو. سەرەڕای چەند هەنگاوێکی چارەسەری کاتی بۆ ئەو گرفتانە، بەڵام کێشەکان هەر بەردەوام بوون و ناکۆکییەکان لەنێوان ساڵانی ٢٠١٣-٢٠١٤ گەیشتە قۆناخێکی ترسناک، کاتێک کە هەرێم زۆربەی ئەو سەرکردە سوننانەی داڵدە دا کە لەلایەن هێزە سیاسییە شیعەکانەوە دەکرانە ئامانج و هەر لەو کاتەشدا، هێزە کوردییەکان بابەتی گشتپرسییان بۆ دیاریکردنی مافی چارەی خۆنووسین خستە رۆژەڤ. ئەمەش لەگەڵ بڕینی بوودجەی هەرێم و پەرەسەندنی داعش لە ناوچە سوننەکان هاوکات بوو ، کە لە ئەنجامدا بووە هۆی ئەوەی هەرێمی کوردستان پانتایی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆی، ٤٠%  فراوانتر بکات. [٣]

حکومەتی فیدراڵی لە عێراق بۆ خۆی نوقمی گەندەڵی، ئیدارەدانی خراپ، لاوازیی بەشداریی سیاسی، نەبوونی سەروەریی یاسا، مافی هاوڵاتیبوون و نایەکسانییە و، لە هەمانکاتدا کەوتۆتە ژێر کاریگەریی بڕیارە هەرێمییەکان و توانای سەربەخۆیی بڕیاری سیاسی نیە، هەربۆیە ئەستەمە بتوانێت گۆڕانکاریی لە دۆخی عێراقدا دروستبکات.[٤]

**دووەم: چوارچێوەی دەستووریی پێوەندییەکان**

سیستەمی فیدراڵی لە عێراق لە مادەی (٤)ی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت بۆ قۆناغی راگوزەر لە ساڵی ٢٠٠٤ دانی پێدانرا، کە پاشان لە مادەی (١)ی دەستووری ساڵی ٢٠٠٥یش دووپاتکرایەوە، کە دەڵێت: "عێراق دەوڵەتێکی فیدراڵی یەکگرتووی سەربەخۆی خاوەن سەروەری تەواوە...". هەروا لە مادەی (١١٧)ی دەستوور دان بە بوونی هەرێمی کوردستاندا دەنێت و دەڵێت: "ئەم دەستوورە لە کاتی بەرکاربوونیدا دان بە هەرێمی کوردستان و ئەو دەسەڵاتەی ئێستایدا دەنێت وەک هەرێمێکی فیدراڵی".[٥]

یەکێک لە تایبەتمەندیێکانی سیستەمی فیدراڵی ئەوەیە، کە دوو ئاستی جیاوازی حوکمڕانی لەناو وڵاتدا هەیە کە هەر یەکەیان بە شێوەی راستەوخۆ دەسەڵاتەکانی بەسەر هاوڵاتیانی خۆیدا مومارەسە دەکات: ئاستی یەکەم بریتییە لە حکومەتی فیدراڵی کە ئەمە ئاستی باڵایە و، ئاستی دووەم بریتییە لە حکومەتە هەرێمییەکان، کە لە هەر وڵاتێکدا ناوی جیاوازی هەیە وەک کانتۆن، هەرێم، ویلایەت، لاندر و تاد. هەروەها دەبێ دەسەڵاتەکانی یاسادانان، جێبەجێکردن و دادوەری بە گوێرەی دەقەکانی دەستوور بەسەر ئەم دوو ئاستەدا دابەش بکرێن و هەندێ لە دەسەڵاتەکانیش هاوبەش دەبن.[٦]

سەبارەت بە دابەشکردنی دەسەڵاتەکان لە دەوڵەتە فیدراڵییەکان چەندین شێواز هەن، کە ئەگەر بۆ دەستووری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥ بڕوانین، دەبینین کە دەسەڵاتەکانی حکومەتی فیدراڵی لە مادەی (١١٠) بەشێوەیەکی پاوانکراو (الاختصاصات الحصرية) دیاریکردووە. هەروا لە مادەی (١١٤) دەسەڵاتە هاوبەشەکانی نێوان حکومەتی فیدراڵ و حکومەتە هەرێمییەکانی دیاریکردووە و، لە مادەی (١١٥) دەڵێت:"ئەوەی لە سەڵاحیەتە پاوانکراوەکانی دەسەڵاتی فیدراڵیدا نەهاتووە سەڵاحیەتی هەرێم و پارێزگا رێکنەخراوەکانە لەناو هەرێمەکاندا...".[٧] بەمجۆرە بۆمان دەردەکەوێت کە ئاراستەی دەستووری عێراقی بەوجۆرەیە کە دەسەڵاتەکانی حکومەتی فیدراڵی بە شێوەیەکی پاوانکراو و سنووردار دەستنیشانکردووە و سەڵاحیەتی رەها و بەرفراوانی داوە بە حکومەتە هەرێمییەکان لەگەڵ هەندێ دەسەڵاتی هاوبەش لەنێوان حکومەتی فیدراڵ و هەرێمەکاندا. واتە حکومەتی هەرێمەکان خاوەن دەسەڵاتی گشتین و حکومەتی فیدراڵی خاوەن دەسەڵاتی ریزپەڕە (استثنائي)، کە ئەمەش لەڕووی دەستوورییەوە پاڵپشتی دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکات و جەخت لەسەر سەربەخۆیی زاتی و سەروەری نێوخۆیی هەرێم دەکاتەوە.[٨]

نابێ ئەو راستییە لە یاد بکەین، کە گرفتی دابەشکردنی دەسەڵاتەکان لەنێوان حکومەتی فیدراڵ و هەرێمەکان لە ترسناکترینی ئەو گرفتانەیە کە یەخەی سیستەمە فیدراڵییەکان تازە دروستبووەکان دەگرێت، کە ئەمەش بۆ سروشتی جیاواز و ناکۆکی لە وێنا و چەمک و تێڕوانین و بەرژەوەندییەکان لەنێوان دەسەڵاتی فیدراڵی و هەرێمەکاندا دەگەڕێتەوە. ئەمەش لە ئەنجامدا دەبێتە هۆی راڤەکردنی جیاوازی دەقە دەستوورییەکان و کێشەکەش ئەو کاتە زیاتر دەردەکەوێ کە دەستوور بە لای ئەو پرس و گرفتانەدا نەچووبێت، کە لە کاتی پراکتیزەکردن ئەزموونی فیدراڵیدا دێنە ئاراوە. لە ساڵانی رابردوودا، کەم نەبوون ئەو جۆرە کێشانەی کە لەنێوان حکومەتی فیدراڵ و هەرێمی کوردستاندا سەریانهەڵدا.[٩]

ئاراستەی حکومەتی فیدراڵی، بەوەی کە بچێتە ناو دۆخێکی قەیرانی فرەڕەهەند لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان، سەبارەت بە پشکی هەرێمی کوردستان لە بوودجەی فیدراڵی، وەبەرهێنان و هەناردەکردنی نەوت و ئاستی ملکەچبوونی حکومەتی هەرێم بۆ بڕیارە فیدراڵییەکان دۆخەکەی ئاڵۆزتر کردووە. هەروا یەکێکی دیکە لە کێشەکان پێوەندی بە راڤەکردنی دەستوورەوە هەیە، کە هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی بەرفراوان دەسەڵاتەکانی حکومەتی هەرێم راڤە دەکات و، حکومەتی عێراقیش بە پێچەوانەوە بە شێوەیەکی بەرتەسک راڤەی دەکات، بە جۆرێک کە بەرەو سیستەمێکی لامەرکەزی کارگێڕی بڕوات، نەک فیدراڵی، ئەمەش بووەتە هۆی دابڕانێکی ترسناک لەنێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدراڵ.[١٠]

سەرەڕای ئەوەی کە لەڕووی دەستوورییەوە عێراق وڵاتێکی فیدراڵییە، بەڵام ئەم بژاردە ستراتیژییە (واتە فیدراڵیزم) هەتا ئێستا ئاڵۆز و ناڕوونە و لەڕووی سیاسی، یاسایی، ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە هەتا ئێستا لە ناوچە جۆراجۆرەکانی عێراقدا رەگی دانەکوتاوە. ئەم ئاڵۆزییانە بۆ چەند هۆکارێکی وەک دروستنەبوونی هەرێمی دیکە لە عێراق، بانگەشەی بەهێزی لایەنە عێراقییەکان دژ بە فیدراڵیزم و کاریگەریی لەسەر وشیاریی هاوڵاتیان، بوونی روانگە و دیدگای جیاواز لەسەر فیدراڵیزم و پشتگوێخستنی هەندێ لە دەقە دەستوورییەکان وەک دانەمەزراندنی ئەنجومەنی فیدراڵی و جێبەجێنەکردنی مادەی ١٤٠ و هتد و، بانگەشەکردن بۆ هەمواری دەستوور و گومان خستنەسەر دەقە دەستوورییەکان دەگەڕێنەوە.[١١] کۆی ئەمانە وادەکەن کە پێوەندییەکانی هەولێر-بەغدا لە چوارچێوە دەستوورییەکەی خۆی لا بدات و پتر لە هەر شتێکی دیکە، میزاجی سیاسەتڤانان و بەرژەوەندیی لایەنە سیاسییە باڵادەستەکان لە عێراق و تەنانەت بەرژەوەندیی هێزە هەرێمییەکان حوکمی ئەم بابەتە بکەن و، هەر کاتێکیش تەنگاو بن بیانووەکانی خۆیان بە بزماری دەستوورەوە هەڵدەواسن.

**ئەنجام**

پاش خستنەڕووی چوارچێوەی دەستووریی پێوەندییەکانی هەرێم-فیدراڵ بە گوێرەی دەقەکانی دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ بۆمان دەرکەوت، کە کۆمەڵێک گرفت سەبارەت بە مومارەسەکردنی دەسەڵاتەکانی هەردوولا بەدیدەکرێ. بەشێکی ئەم گرفتانە بۆ ئاڵۆزی دەقە دەستوورییەکان دەگەڕێتەوە. بەشێکی دیکە لە گرفتەکان بریتییە لە لێکدانەوەی جیاواز بۆ دەقە دەستوورییەکان، کە هەر لایەنێک بە گوێرەی تێگەیشتن و بەرژەوەندییەکانی خۆی راڤەی دەکات و دادگای باڵای فیدراڵیش هەتا ئێستا نەیتوانیوە لەمبارەیەوە رۆڵی پێویست و یەکلاکەرەوە بگێڕێت. بەشێکی دیکەی گرفتەکانیش سیاسییە، کە ئەویش تێگەیشتنی حکومەتی فیدراڵە بەوەی کە پێیوایە دەسەڵاتی هەرێمەکان زیاترە و ئەمەش پتر لەسەر حیسابی حکومەتی فیدراڵییە، هەربۆیە ئەمەیان پێ هەرس ناکرێت و پێیانوایە مەترسییە لەسەر

ئاینده و یەکپارچەیی خاکی عێراق و، بۆ بەربەرچدانەوەی ئەمەش سیاسەتی پەراوێزخستن و لاوازکردنی هەرێمی کوردستانیان خستۆتە ناو ستراتیژیی کارەکانی خۆیان و ئێستا ئەنجامەکانی بەدیدەکەین. بەدەر لەمەش، کاریگەریی هێزە هەرێمییەکان لەسەر بڕیارەکانی دەوڵەتی عێراق و مەترسییەکانیان لە ئەزموونێکی نوێی وەک هەرێمی کوردستان و کاریگەریی لەسەر ئەو وڵاتانە، وایکرد گوشارە هەرێمییەکان بە ئاراستەی پشتگوێخستنی دەستوور و لە قاڵبدانی هەرێمی کوردستان و کەمکردنەوەی سەڵاحیەتەکانی هەنگاو بنێت.

لە بواری کەلتووری سیاسیش، میراتی حوکمڕانی ناوەندگەرا لە مومارەسەکردنی دەسەڵاتەکان هەر لە سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق، کەلتووری دیکتاتۆری بە درێژایی مێژووی ئەم وڵاتە، هەڵسوکەوت بە پێوەری کەلتووری گەلی باڵادەست و گەلی بندەست، بێمتمانەیی مێژوویی کورد بە دەسەڵاتدارانی بەغدا بوونە بەربەست لەبەردەم پراکتیزەبوونی فیدراڵیزم، کە ئەمەش لە ئەنجامدا کاریگەری لەسەر چۆنێتی مومارەسەکردنی دەسەڵاتەکانی نێوان حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێمدا هەبووە. بەدەر لەمەش، نەبوونی تێڕوانین و ستراتیژێکی روون لە لایەن هەرێمی کوردستان وەک تاکە هەرێمێک لە چوارچێوەی عێراق بۆ چۆنێتیی هەڵسوکەوتی لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی (لەنیوان هەرێمێکی سەر بە عێراق و دەوڵەتێکی نیمچە سەربەخۆ) و بەجێنەگەیاندنی بەشێک لە پابەندییە دەستوورییەکانی خۆی، جۆرێک لە مەترسی لەناو حکومەتی فیدراڵیدا دروستکردووە، کە ئەمەش شیری نەیارانی فیدراڵیزمی لە عێراقی عەرەبیدا دژ بە هەرێمی کوردستان تیژتر کردووە. هەربۆیە، هەموو هەوڵەکانیان خستۆتەگەڕ بۆ لە قاڵبدانی هەرێمی کوردستان و رێگری لەوەی کە مومارەسەی دەسەڵاتەکانی خۆی بکات، هەروەها بووەتە هۆی خۆدزینەوەی حکومەتی فیدراڵیش لە جێبەجێکردنی پابەندییە دەستوورییەکانی خۆی بەرامبەر بە هەرێمی کوردستان و پێوەندییەکانی هەردوولایشی لاسەنگ کردووە.

**پەراوێزەکان:**

[١] د.حارث قحطان عبدالله و د.فاضل عباس عطوان، توسيع الحدود في اقليم كردستان والواقف الإقليمية والمحلية منه، مجلة تكريت للعلوم السياسية، العدد ١١، ص ٧.

[٢] رويا فرزين زاد و ديگران، بررسی مسئله همه‌پرسی استقلال اقليم كردستان عراق و تأثير آن بر امنيت ملی جمهوری اسلامی ايران، فصل نامه علمی مطالعات راهبردی سياست گذاری عمومی، دوره ۹، شماره ۳۱، تابستان ۱۳۹۸، ص ۲۰۲.

[٣] د.خضر عباس عطوان، محاولات انفصال كرد العراق بين المصالح الكردية و السياسات الإقليمية، مجلة آراء الخليج، العدد ١٢٤، اكتوبر ٢٠١٧، ص ٢٣.

[٤] د.حارث قحطان عبدالله و د.فاضل عباس عطوان، المصدر السابق، ص ١٧.

[٥] بڕوانە بۆ یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتساڵی ٢٠٠٤ و دەستووری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥.

[٦] د.خالد عليوي العرداوي، الفدرالية والديمقراطية التوافقية ومعطيات الواقع العراقي، مجلة ياسا و ڕامیاری، كلية القانون والسياسة، ژمارەی تایبەت، اربيل، ص ٢١٢.

[٧] بڕوانە بۆ دەستووری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥.

[٨] د.كوردستان سالم سعيد، إشكالية توزيع الإختصاصات بين السلطات الاتحادية و سلطات إقليم كوردستان (دراسة تحليلية)، مجلة جامعة التنمية البشرية، المجلد ٣، العدد ٤، كانون الأول ٢٠١٧، ص ٤٧.

[٩] د.طه حميد حسن و سمية غالب زنجيل، النظام الاتحادي بين الإقرار الدستوري والواقع العملي، مجلة ياسا و ڕامیاری، كلية القانون والسياسة، ژمارەی تایبەت، اربيل، ص ١٢٨.

[١٠] حسن مصطفى احمد و د.خضر عباس عطوان، خيارات الدولة للكرد في العراق (مرحلة مابعد داعش)، مجلة تكريت للعلوم السياسية، المجلد (٣) السنة (٣) العدد (٩)، ص ٣٧.

[١١] د.خالد عليوي العرداوي، المصدر السابق، ص ٢٣٣.